# چارەسەر هەڵوەشانی عێراقە.. نەك تەنیا گۆڕینی ئاڵاکەی


رۆژی گەل
ROJIGEL

هەفتەنامەیەکی سیاسییە حزبی رزگاریی کوردستان دەریدەکات | ئایار ٢٠٠٤ | ژمارە: ١٢٣


# ١ ملیۆنو ٧٠٠ هەزار ئیمزای ریفراندۆم چی لێبەسەرهات؟!

## وەزیری بەرگری سوریا لەگەڵ کوردان کۆ دەبێتەوە

رۆژی٢٨ی نیسان مستەفا تەلاس وەزیری بەرگری ولاتی سوریا لە دیمەشقی پایتەختدا لەگەڵ نوێنەری٤ پارتی کوردستانی سوریادا کۆبووەوە، کە بریتیبوون لە بەرێزان محەمەدموسا) سکرتێری پارتی چەپو(حەمید دەروێش) سکرتێری پارتی پێشڤەرۆو) ئیسماعیل عومەر سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی ونەسرەدین ئیبراهیم) لەپارتی دیموکراتی(ئەلپارتی) ئەوەی شیاوی باسە وەزیری بەرگری سوریا گوێی لە شاندی کوردان گرتووە و ئەوانیش بەوردی باسی رەوشی کوردانیان بۆ کردووەو داوایان لێکردوە کەبەزووترین کات ئەو خوێندکارانە ئازاد بکرێن کەمانگی رابردوو لە ئاکامی سەرهەڵدانی شارەکانی قامیشلۆ و کۆبانلی و حەلەب و شوێنەکانی دیکەدا گیراون وتائێستا لە زیندان راگیراون، ودەبێ بگەرێنەوە بۆ سەر خوێندن. هەروەها داوایان لێکردووە کەلەسەر کێشەی سیاسی نابێ کورد لەسوریا بێتە زیندانی کردن. ئەمەو مستەفا تەلاس بەڵێنی داوە کە داخوازی کوردان بگەیەنێتە(بەشار ئەلئەسەد)ی سەرۆك کۆمار، ئەوەی شیاوی باسە پارتەکانی دیکەی کوردستانی سوریا بەم دانیشتنە نارازین چونکە تلاس تەنیا داوای دیداری ئەو چوار پارتەی کردووە کە(هاوبەندی دیموکراتی کورد لە سوریا) یان پێکهێناوە.

## رۆژە ە

خۆ نەبان کردن لەدۆزی سەربەخۆیی کوردستان و گرێدانەوەی لەگەڵ بەغداد نەك هەرکێشەی کوردستان بەرەو ئاقاری بێوەیی نابات، بەڵکو بەرەو ئاژاوەو تەنگژە خلۆری دەکاتەوە. شەڕو پێکدادانەکانی ئەو دواییەی شیعەکانی سەر بە موقتەدا سەدرو دانیشتوانی فەلوجە دژ بەهاوپەیمانان ئەو راستیەی سەلماندەووە کە ژیان لەچوارچێوەی عێراق جگە لە دۆزەخێکی بەردەوام شتێکی دیکە نییە. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆمان بەئاگری عێراقیو عێراقبوون نەسووتێنینەوە دەبێ هەر لە ئێستاوە ئەگەرچی زۆر درەنگیش کەوتووە، رای ئەمریکاو نێودەولەتی بۆلای کێشەی گەلی کوردستانی دابەش وداگیرکراودا رابکێشینەوە و تێیان بگەیەنین کە دەبێ پشتگیری لە راگەیاندنی دەولەتی سەر بەخۆبکەن، هەر چەندە ئاشێرەکان دژ بەو تیراسایە نارۆن و هەمیشە ئەمریکاو هاوپەیمانانی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە. کورد چی دەوێت با راشکاوانە داوای بکات ئەو کاتە قسەی لێوە دەکەین، ئەمەش راستەخۆ دڵنیایی دانە بەداخوازی ڕەوای گەلی کوردستان. پرسیارەکە لێرەوە دەست پێدەکات بۆچی ئەندامانی کورد لەئەنجومونی فەرمانرەوایی کاتی عێراق خۆیان باسی لێوە ناکەن؟؟ یاخود بۆچی پشتگیرییان لە بزاڤی ریفراندۆمو پەروەندەی یەك ملیۆنو حەفت سەد هەزار واژۆی خەڵکی کوردستانە کرد کە داوای بەڕێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد لەژێری چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان دا دەکەن؟

ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لەسیاسەتمەدارانی جیهان سەریان لە مەتەڵی داوا نەکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەلایەن دەستەڵاتدارانی کوردستانەوە سوڕماوەو، دەپرسن ئایا خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان تەنیا بۆ مافی هاولاتی بوون بوو یان بۆ وەدەست هێنانی رزگاری وسەربەخۆیی؟ چونکە نەبینراوە میلەتێکی بندەست و داگیرکراو وبزاڤە رزگاریخوازەکەی بەرەو ئاقاری سەربەخۆیی نەرۆن داوای یەکپارچەیی خاکی ئەو ولاتە بکەن کە داگیری کردوون وبەدرێژایی ساڵانی تەمەنی دەستەلاتی گەلی سەردەست چەوساندرابێتەوە. داوا نەکردنی سەربەخۆیی لای دەستەلاتداران زۆر پرسیار دەوروژێنێ، ئایا بەراست کاودانی خودی وبابەتی خەڵکی کوردستان لەبار نییەیان بارودۆخی نێودەوڵەتی پێچەوانە ودژە؟

ئایا پاداشتی قوربانیانی شالاوی ئەنفال و ژەهردراوان بە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەدرێتەوە یان بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو ولاتەی کە لەوەتەی هەیە چاوگەی شەرو نەهامەتی و ماڵوێرانی خەڵکەکەیەتی؟

## کۆمیتەی ریفراندۆم لەگەڵ پارلەمانی دانمارك کۆدەبێتەوە

رۆژیپێنج شەممە، رێکەوتی ٢٢/٤/٢٠٠٤ شاندێکی کۆمیتەی ریفراندۆم لە دانیمارك کە پێکهاتبوو لە(گەلاوێژ حوسێنو شاخەوان شۆرش ئیبراهیم لەلایەن پێنج ئەندامی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلەمانەوە پێشوازییان لێکرا کە بریتی بوون لە( یان سیوەرسن و بۆدێل کۆرنیێرگ لەپارتی دیموکراتی مەسیحی وێپەکۆفورد لە پارتی سۆسیال دیموکرات و هەنریك ڤێستەگۆرد لە لیبرالەکان ومارگرێتە ئاوکن لەپارتی سۆسیالیستی گەل. شاندی ریفراندۆم جەمارییەو سەر بەهیچ پارت و لایەنێکی سیاسی کوردستانی نییە، ئەو مەسەلەیە لە ئەستۆ بگرێت و بەرێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یەك لایی بکرێتەوە.

## تاران: دەبێ ئەمریکا ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بە کورد بدات

رۆژی ٢٨/٤/٢٠٠٤ دادگای گشتی تاران لەسەر داوای بەشێك لە هاووڵاتیانی شاری سەردەشت لە کە ساڵانی شەڕی نێوان عێراقو ئێران وەبەر هێرشی کیمیاوی فڕۆکەکانی رژێمی عێراق کەوتبوون.

دانیشتنێکی تایبەتی کردو چاوی بە داوای ئەواندا گێڕایەوەو لە ئاکامدا بەهۆی بوونی بەڵگەو دیکۆمێنتی تەواو کە دەیانسەلماند ئەمریکا هاوکارو پشتیوانی سەرەکی رژێمی عێراق بووە، بڕیاریدا کە دەبێ حکومەتی ئەمریکا بڕی ٦٠٠ملیۆن دۆلار بۆ ئەو زیان لێدراوانە ببژێرێ، چونکە عێراق سوودی لە چەکی ئەمریکی وەرگرتووەو ئەو تاوانەی دەرهەق بە هاووڵاتیانی لاشەڕی سەردەشت بەڕێوەبردووە.

ئەمەو حوکمی دادگا پێشکەش بە کارناسی سەفارەتی سویسرا لە تاران کرا کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو ولاتە رەنگ پێدەداتەوە، ئەویش بەڵێنی دا کە بەزوویی ئەو حوکمەی دادگای گشتی تاران بە حکومەتی واشنتۆن بگەیەنێت.

## سوریا منداڵیش ئەشکەنجە دەدات

رێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی ئاشکرای کرد کە حکومەتی سوریا زۆر بە توندی گیراوە کوردەکان ئازار وئەشکەنجە دەدات ودەست لە منداڵ و لاوانیش ناپارێزێ. ئەوەتا لاوێکی کورد بەناوی حوسێن لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەداندا خۆی رانەگرتووەو بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە نەدەتوانێ بجولێت نەدەتواتێ قسان بکات. چاودێران لەو باوەڕەدان کەلە کارەبا دراوە. سوریا دەیەوێ بەهەر نرخێك بێت والە گیراوەکان بکات تا بلێێن لەدەرەوە دەستوریان وەرگرتووەو ئەمە پلانێکی دەرەکییە ودژبە سوریا وەڕێخراوە، بەلام هەموو جیهان دەزانن کە کورد لە سوریا لە بچوکترین مافی نەتەوەییو نیشتمانی خۆی بێبەشە ونکۆڵی لە کورد بوونیان دەکرێ، ئەمەش هۆکاری سەرەکی راپەڕینو سەرهەڵدانی شارەکانی رۆژئاوای کوردستان بوو. لە لایەکی دیکەوە ئاشکراکرا کەلە کۆتایی مانگی نیسان ژمارەیەك خوێندکاری شاری کۆبانی لەلایەن دەزگای ئاسایشی سوریاوە گیراون و بەتوندی ئەشکەنجە دراون، ئەوانیش بریتین لە بەیان حوسێن، عەبدولسەلام شێخۆ: محمەد محمەد: قاسم عەبدالٚ) شیار حەمۆو وەلات عەلی

## KNK کۆنگرەی خۆی دەبەستێ

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان نیازی وایە سەرەتای مانگی حوزەیرانی داهاتوو کۆنگرەی ئاوارتەی خۆی ببەستێ، بۆ ئەم مەبەستە داوای لەئەندامانی جڤاتی گشتی کردووە بەرەو وولاتی بەلجیکا بڕۆنو بەژداری لەو کۆنگرە ئاوارتەیەدا بکەن.

ئەوەی شیاو باسە ئایاری ١٩٩٩ لەشاری ئەمستردامی وولاتی هۆڵندادا بەبەشداری چەندین لایەنی سیاسی وفەرهەنگی و کۆمەلایەتی کوردستانیو کەسایەتی سەربەخۆئەو کۆنگرەیە پێکهات، لەماوەی ساڵانی رابردوش چەند کۆنگرەو کۆنفرانسی بەستووە، بەلام ئەو کۆنگرەیە ئاوارتەیە ولەسەر داوای سەرۆکی کۆنگرە بەرێز عیسمەت شەریف وانلی دەبەستریێو گومانی ئەوەی لێ دەکرێت کەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان چونکە زۆربەی لایەنە سیاسیەکان خۆیان کێشاوەتەوە یان ئەندامێتی خۆیان سڕکردووە و هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ تاکڕەوی ئەندامانی پەکەکەی جاران و کۆنگرەی گەل) ی ئێستا..

ئەوەی شایانی باسە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی جڤاتی گشتی لەو)باوەڕەدان ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کە زۆربەیان ئەندامانی کۆنگرەی گەل یان لایەنگرانی ئەوانن، نەبووایە کۆنگرە دەیتوانی هەنگاوی گەورە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بهاوێژێت.

بەلام ئەوان زیاتر کاریان بۆخۆیان کردووەو،هێندە لەخەمی کاری نەتەوەییو نیشتمانیدا نەبوون.

## سەربازانی تورك ئەسپی کوردان دەکوژن

رۆژی ١٩/٤/٢٠٠٤ سەربازانی تورك دەستڕێژیان لە کاروانێکی گوندیانی ئەلباکێ نزیك سنوری ئێران کرد، لە ئاکامدا ٢٢ ئەسپ کوژرانو ١٢ هاولاتیش دەست گیر کران. ئەوەی شیاوی باسە خەڵکی ئەو دەڤەرە لەبەر بیکاری و نەداری پەنا بۆ قاچاغی سووتەمەنی دەبەنو بژێوی ژیانی خۆیانی پێ دابین دەکەن. هەروەها بۆ هەر گیراوێکیش بڕی یەك ملیارو ١٤٤ ملیۆن لیرەی تورکی سزا بڕایەوە. بەم شێوەیە سوپای تورکیا ئازارو ئەشکەنجەی دەرونیو جەستەیو ئابووری هاووڵاتیانی باکوری کوردستان دەدات.

## پارلەمانی ئەوروپا دادگای تورکیا شەرمەزار دەکات

رۆژی ٢٣ ی نیسان پارلەمانی ئەوروپا لەدانیشتنی ئاسایی خۆیدا، بڕیاری دادگای ئەولەکاری تورکیا بۆ سەر راستکردنەوەی سزای ١٥ ساڵ بۆ پەرلەمانتارانی پارتی گەل،بەتوندی شەرمەزار کردو داوای کردکە گەرەکە ئەو دادگایە هەڵبوەشێتەوە.ئەوەی شیاو باسە خانم لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆگان و سەلیم ساداك ساڵی لەلایەن دادگای ئاسایشی تورکیاوە سزای ١٥ ساڵ زیندانی بۆ هەریەکەیان ١٩٩٤ بڕایەوە ئەوە ماوەی ١٠ ساڵە لە زیندانن،واچاوەڕوان دەکرا کە دادگای تێهەڵچوونەوە سزاکەیان بۆ کەم دەکاتەوە وداوای لێبووردنیشیان لێبکات، بەلام پێشبینییەکان وا دەرنەچون، بەپێچەوانەوە دادگای تێهەڵچونەو بڕیاری ئاسایش خرایە بەردەم تورکیا بۆ گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا. پەرلەمانی ئەوروپا دیاری کرد کە دادگای ئەولەکاری تورکیا دادگایەکی بێلایەنو.. هەق نییەو لایەنگری دەزگایەکی دەوڵەتی دەکات.

## کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی پەرلەمانی کوردستان

لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان رۆژی یەکشەمە ٢/٥/٢٠٠٤ بۆ سەرجەم حزبوو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەمەبەستی گفتوو گۆو راوێژ دەربارەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و پرۆسەی گواستنەوەی دەسەلات بۆ عێراقیەکان، بۆ ئەم مەبەستە وەفدی حزبمان کەپێك هاتبوو لەهەڤالان(عومەر حەسەن)ئەندامی(م. س)و(ئەمیر حاجی محەمەد) ئەندامی سەر کردایەتی سەردانی شاری هەولێریان کرد بەشداری ئەو کۆبوونەوە فراوانە بوون.